# پرۆژەی یاسای پێشێلکردنی ئازادی یان ڕێکخستنی خۆپیشاندان؟

ڕەشنوسی پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبونەوە گشتیەکان، کە لەلایەن دوو وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراوە، ڕەوانەی پەرلەمان کراوەو بڕیارە بکرێتە یاساو کاری پێبکرێت.

ئەم پرۆژە یاسایە بەتەواوی، ئازادی مانگرتنو خۆپیشاندانو کۆبونەوەی گشتی پێشێل ئەکات. لێرەشەوە ڕێگەخۆش ئەکرێت کە سەرجەم ئازادییەکانیترو مافو دەستکەوتەکانی خەڵك بسەنرێتەوەو ڕێگەخۆش ئەکات بۆ سەرکوتو ئیستبداد، ئایندەی تەواوی ئازادیو مافە مەدەنیەکان ئەکەونە بەر هێرشو هەڕەشەو پەلامارەوە. دیموکراسی لەم یاسایەدا ئەبێتە پەندی زەمانە.

باکەمێك ئەم ڕستانە لەڕێگەی خودی پرۆژە یاساکەوە ڕوونتر بکەمەوە:

ماددەی دووەم خاڵی یەکەمی پرۆژە ئەڵێت" وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتدانی کۆبونەوەی گشتیو خۆپیشاندانی هەیە" لەخاڵی دووەمی هەمان ماددە، ئیشارەت بەوە ئەکات کە "وزیر بۆی هەیە هەموو یان هەندێك لە دەسەڵاتەکانی کەبەپێی ئەم یاسایە پێیدراوە بداتە سەرۆکەکانی یەکەی کارگێڕی" ئەمە بیانویەکی زۆر باش ئەبێت کە بەناوی سەڵاحیەتو دەسەڵاتەکانەوە ڕێگە لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە خۆپیشاندانە بگرێت کە دەسەڵاتو حکومەت لەگەڵ ئەنجامدانیدا نین.خاڵی چوارەمی هەمان ماددە باس لەوەی ئەکات کە "وەزیر یا سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان بۆی هەیە داوای خۆپیشاندان ڕەت بکەنەوە ئەگەر بەڕاستی بۆیان دەرکەوت کە زیان بە سیستەمو ئادابی گشتی ئەگەیەنێ"، سیستەمو ئادابی گشتی کامەیەو چیە؟ مەگەر بەهەمان ئەم پاساوانە نەبوو کە بەعس بەدرێژایی 35 ساڵ تالاْوی بەقوڕگی کۆمەڵگای عێراق کرد؟ هەر بەم دەقە لەیاساکانی ئێرانی جمهوری ئیسلامیدا مەسەلەی ئادابی گشتیو بەرژەوەندی بالاْ ناویان هاتووە. ئادابی گشتی کامەیە؟ مەبەستیان کامە ئادابە؟ ئادابی پیاوسالاری، عەشیرەتی، دواکەوتوانە، دژە ئازادی، نامەدەنی.. یان ئادابی مۆدێرنو پێشکەوتو، یەکسانیخواز، عەدالەتخواز، ئینسانی..؟ ئەبێت ڕیعایەتی کام جۆر لە ئادابانە بکرێت؟ بەبڕوای من پرۆژەکە وەڵامی پرسیارەکەی منی داوەتەوە کە ڕیعایەتی ئەوەی یەکەم ئەکات، ئەوەتا بڕگەی شەشەمی هەمان ماددە باس لە ئازادی کۆبونەوەو هاتنە سەرشەقام ئەکات لەبۆنە "نیشتمانیو نەتەوەییو ئایینیەکان"دا بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت. لاستیکی بڕگەکان فرسەتی داوە کە هەموو جوڵەیەکی جەماوەریو کۆمەڵایەتی قەدەغەبکرێت. ئەم یاسایە بەبڕوای من وەك باقی یاساکانیتر بەخاتری پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان داڕێژراونو لام وایە کە بەهیچ جۆرێك خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی خەڵك ناکات. ئەم قسانەم بۆ ئەوەنیە کە لەجێگەیەکدا بڵێم مەسەلەی خۆپیشاندان بەیاسا نابێت ڕێکبخرێت، بەپێچەوانەوە من لە دەسەڵاتداران زیاتر لایەنگری بەیاسایکردنی خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی دەربڕینم، بەلاْم چ جۆرە یاسایەك؟ بۆ کام بەرژەوەندیو بۆ کامە ئامانج؟ یاسایەك کە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی تیا پارێزرا بێتو ئازادییەکانیانی بەڕەسمی ناسیبێت، نەك یاسایەك کە بەخاتری بەرژەوەندی تاقمێكو بەدژی بەرژەوەنمدیەکانی سەرجەم کۆمەڵگا بێت.

لەجێگەیەکدا پرۆژەکە مەسەلەی گرتنو زیندانیکردنی کردۆتە قانون، خاڵی سێیەمی ماددەی هەشتەم ئەڵێێت" گرتنی ئەو کەسانەی کە ئاژاوە بەرپا ئەکەن لەکاتی کۆبونەوەی گشتیو خۆپیشاندان، لەگەڵ ئەنجامدانی کاری یاسایی لەبارەیانەوە"، ئەم بڕگەیە کاری ئاژاوەگێڕی کردۆتە بیانویەك بۆ گرتنو زیندانی کردنی هەرکەسێك. باشە ئەگەر ئاژاوەگێڕیەکە لەلایەن پۆلیسو ئاسایشەوە بوو، هەروەك لە خۆپیشاندانەکانی دووساڵی ڕابردوو، لەکلارو هەڵەبجەو ئاکرێو سلێمانیو کەرکوك، لەهەموو

ئەمانەدا دەستپێشخەری ئاژاوەو توندوتیژی پۆلیس‌و ئاسایش بوون، کێ دەستگیرکراو کامیان دەرکران‌و کامە بەرپرس لەئاکامی خراپ مامەڵەوە ئیستقالەی دا؟ تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاون‌و ئەیانەوێ ئاکامی مامەڵەو ڕەفتاری هێزەکانی خۆیان بخەنە ئەستۆی سەرپەرشتیکارانی خۆپیشاندانەکانەوەو، ئەوان بەرپرس بکەن کە" قەرەبووی زیانەکان بکەنەوەو کاری یاسایی لەحەقیان بگرنە بەر..". لێرەدا ئیدارەو دەسەڵات بەهیچ شێوەك بەرپرسی هیچ شتێك نین، تەنها ئەوەندە نەبێت کە یان ڕێگە بگرن لەخۆپیشاندان‌و کۆبونەوە، یان وەك لەیاساکەدا هاتووە بکەونە گیانی ڕابەرانی خۆپیشاندانەکەو ڕاپێچی زیندانیان بکەن‌و سزای یاساییان بەسەردا بسەپێنن‌و غەرامەیان بکەن!!، بۆ لەکاتی خۆپیشاندانداا مەسەلەی ئاژاوەگێڕی‌و زیاندان لە مومتەلەکاتی دەوڵەت دەکەوێتەوە فکری دەسەڵاتداران؟ ئەگەر کەسێك بەبێ بونی خۆپیشاندان بەردێك بگرێتە بینایەی پارێزگاو شوشەیەکی شکاند، بەکام یاسا مامەڵەی ئەکەن؟ بۆیە مخالەفەت هەرەمخالەفەتەو یاسای تایبەتی ئەوێ نەك بکرێتە پاساو بۆ پێشێلکردنی ئازادیەکان.

لەچەند جێگایتردا ڕێگری بێپەردەو ئاشکرا بۆ ئازادی خۆپیشاندان‌و مانگرتن دیاریکراوە، وەك یەکەم خاڵی ماددەی چوارەم" حزبە سیاسیەکان‌و ڕێکخراوە جەماوەریەکان‌و سەندیکاو یەکێتی وکۆمەڵەکان...لەڕێکخراوە مۆڵەتدراوەکان............بۆیان هەیە خۆپیشاندان‌و کۆبونەوەی گشتی بکەن" ئەی ئەو حزب‌و ڕێکخراو دەزگایانەی کە بە بیانوی سیاسی‌و ناهەق مۆڵەت پێدراو نین مافەکەیان کامەیە؟ چۆن بتوانن لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی کۆمەڵگادا تێکەڵ بن؟ یان ئەوانەی کە حزب‌و کۆمەڵەو ڕێکخراویان نیە چی بکەن تابتوانن پەیامی خۆیان بگەیەنن؟ ئەمەش کاریکاتێرێکی ناو ئەم پرۆژەیەیە کە ئەڵێت" ئەبێت مۆڵەتت ببێت تا مۆڵەتت پێبدەم". هەروەها یەکەم خاڵی ماددەی سێیەم کە ئەڵێت" داواکاری ڕێکحستنی کۆبونەوەی گشتی یان خۆپیشاندان لەلایەن لیژنەیەکەوە پێشکەش ئەکرێت کە نوێنەریان بن‌و لە (3)کەس کەمتر نەبن لەڕووی یاساییەوە شیاو بن، ئەمەش بەرلە وادەی دیاریکراو ئەبێت بە(48)کاتژمێر..." خۆپیشاندانی گەڕەکێك یان کارگەیەك یان ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵك بۆ خواستێکی دیاریکراو، ئەبێت پێشتر لەکوێ لیژنەیان دامەزراندبێت‌و بەڕەسمی نوێنەرایەتیەکەیان چەسپاندبێت؟ ئەمە بیانووەو خەڵکی ناڕێکخراوی وەك کارگەو گەڕەکەکان‌و دەزگاکان ناتوانن بەوشێوەیە لیژنەو نوێنەرایەتی پێبهێنن، یان ئەبێت بڕگەیەکیش ئیزافە بکەن و بڵێن" بۆتان هەیە کۆبونەوەی گشتی بکەن بۆئەوەی کە نوێنەرتان هەڵبژێرن‌و لیژنەیان لێدروست بکەن، تا بتوانن وەڵام بەمەرجەکانی یاساکەی ئێمە بدەنەوە!!؟ بەمەش پاشگری کاریکاتۆری بۆ پرۆژەکە زیاد بکەن. یان باسی "شیاوی لەڕووی یاساییەوە" ئەکات بۆ کەسەکان‌و داواکارەکانی خۆپیشاندان، مەبەست لەشیاوی چیەو مەرجەکانی کامانەن؟ لیژنەی دیاریکردنی "شیاو بوون یان شیاونەبوونی یاسایی" کامەیە، کێ دایمەزراندوەو، میکانیزمەکانی چین؟ هەموو کەسێکی ناڕازی‌و دژ بەدەسەڵات‌و یاساو ڕێساکان، حەتمەن لەڕووی یاساییەوە "شیاو" نیە، هەرئەم شیاوبوون‌و شیاونەبوونە کافیە کە هەموو داوکاریەك بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان ڕەتبکرێتەوە. وەئەگەر لەسەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی‌و فەوری کەسانێك ویستیان شتێکی فەوری ئەنجام بدەن، ئەوا ئەبێت بڕۆن داوایەك بنوسن‌و بیخەنە بەردەم وەزیر یان ئەوەی کەدەسەڵاتەکەی ئەوی هەیە تا دوای 48 سەعات بڕیارێکی لەبارەوە بدات!! ئیتر چ ئەهمیەتێك ئەمێنێتەوە بۆ کارەکە؟ نمونە زۆرە کە فرسەتی ئەو ئیداریات‌و کارە ڕۆتینیانە نیەو ئەبێت فەروی ئیقدام بکرێت. بەومانایەی کە ئەگەر لەکاتی خۆیدا کارەکە نەکرا ئەهمیەتی نامێنێت. ئەمەش جگە لەپێشێلکردنی ئازادی، سلبیاتی کۆمەڵایەتیشی لێدەکەوێتەوەو کۆمەڵگا لەدواوە ڕائەگرێت.

کاتێك كه من یان هەر کەسیٚ‌و لایەنێك ئەگەر بۆ خواستێك یان داواکارییەك نیازی خۆ پیشاندانی هەبێت‌و، لەولاشەوە بزانێت کە بەحوکمی ئەم یاسایە ویڕای زیندانیکردن، تۆمەت‌و بەرپرسیاریەتی تری دێتە سەر، ئەوا تائەم جێگەیەی کە بە قەناعەتی من ئەگەڕێتەوە ئەبێت بیر لەمۆڵەت‌و بەڕەسمی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە نەکرێتەوە، بەڵکو وەك (ئەمری واقع) بسەپێنرێت‌و فەرز بکرێت بەسەریاندا.

بۆیە ئەم پرۆژەیە نەك هەر ئەبێت ڕتبکرێتەوەو ڕێگا نەدرێت کە بخرێتە بەردەم" پەرلەمانی هەرێم" بۆ دەنگدان لەسەری، بەڵکو ئەرك‌و کاری ئازادیخوازان‌و لایەنگرانی ئینسانیەت ئەوەیە کە بەدیلەکەی ئامادەبکەن‌و سەرجەم ئەو خواست‌و ویستانەی کە زەمانەتی ئازادی بێقەیدوشەرتی تەواو بکات.

زمناکۆ عەزیز

zmnaco@yahoo.co.uk